SOS RASISME

Kurdisk gruppe

SOS Rasisme i Norge
PB 9427 Grønland, 0135 Oslo
Besøksadresse: Brugata 14, 0186 Oslo
Tlf : 23 00 29 13 Faks: 23 00 29 01
www.sos-rasisme.no

Oslo, Tørsdag,22.Feb.2007

بانگهێشت لە لایەن کەمپینی بەرەو بەجیهانیکردنی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە لە نەرویج

با ساڵیادی شاڵاوی ئەنفال و کیمیایی بۆمبارانی هەڵەبجە و کوردستان ببنە فاکتەری کۆبوونەوە و یەکگرتنمان

سـەرجەم پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان

کوردستانیانی خۆشەویست

وەک ئاشکرایە ساڵیادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و شاڵاوی ئەنفال نزیک بۆتەوە ، ئەم دوو ساڵیادە لە کاتێکدایە دادگاییکردنی هەندێک لە سەرانی ڕژێمی ئێراقی بەردەوامە و هەندێکیش لە تاوانباران ئازادن یان لەناوچوون .

کەمپینی بەرەو بەجیهانی کردنی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە لە ووڵاتی نەرویج ، قوربانیانی ئەم دوو کارەساتە بە موڵکی گشت نەتەوەکەمان دەزانین ، لە پڕۆسەی بە جیهانیکردنیاندا کاردەکەین ببنە موڵکی گشت مرۆڤایەتی .

ستراتیژی کەمپینی بەرەو بەجیهانیکردنی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە ، هەروەها سازدانی چالاکییەکانی ئەم دوو ساڵیادە ، تەنها لە پێناو بەسزاگەیشتنی تاوانکارانی سەرانی ڕژێمی ئێراق و هاوکارانیان نییە ، بەڵکو بەمەبەستی پشتگیریکردنە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان لە بەشەکانی تری کوردستان ، ئەم کەمپینە بەشێک لە خەباتی تێکۆشەرانی گەلەکەمانە بۆ بە دادگایی گەیاندنی سەرانی ڕژێمی ئێران ، تورکیا و سوریاش لە دواڕۆژدا ، کە بەشێوەیەکی دڕندانە بۆ قڕکردنی گەلەکەمان لە پارچەکانی ڕۆژهەڵات، باکور و باشوری بچوک دریغی ناکەن لە بەکارهێنانی هیچ جۆرە چەکێکی کۆکوژی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی نامرۆڤانە .

هەروەها داگیرکەران پێکەوە بەردەوامن لە پیلانی دوژمنکارانە بۆ لەناوبردنی ئەزموونی باشووری کوردستان .

گەلەکەمان بەقۆناخێکی ترسناکدا تێپەڕدەبێت ، ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکانی تورکیا ، ئێران و سوریا نەک تەنها دژ بە گەلی کورد ، بەڵکو بوونەتە خەتەرێکیش بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەلان لە جیهاندا ، پێشبڕکێ و ململانێی تێکۆشەرانی گەلەکەمان دەبێت دژ بەو ڕژێمانە و هاوشێوەکانی بێت .

ئێمە لەکاتێکدا بەڕێزەوە دەڕوانینە هەوڵ و کۆششی سەربەخۆی سەرجەم پات ، ڕێکخراو و کەسایەتییەکان ، بەڵام لە پێناو یادکردنەوەی ئەم دوو کارەساتە بە شێوەیەکی گونجاو و شایستە ، پڕۆژەی هاوبەش بەشێوەیەکی زانستی فاکتەری سەرکەوتنی هەوڵەکانی بەفەرمی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی کورد . کارکردن دوور لە خۆناساندن و تاکڕەوی سەلماندنی دڵسۆزی ڕاستەقینەیە لەو پێناوەدا .

دامەزراندنی لێژنەی سەرپەرشتی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم دوو ساڵیادە و کەمپینی بە جیهانی ناساندنیان لە کەسانی دڵسۆز ، پسپۆڕ و بەتوانا لە گشت ووڵاتانی جیهاندا بە پێویست دەزانین .

بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشتی سەرجەم پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردستانییەکان و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان دەکەین ، بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەکی کراوە لەپێناو ئامادەکردنی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ئەم دوو ساڵیادە پیرۆزە و دەستنیشانکردنی ستراتیژی کارەکانمان لە داهاتوودا .

ڕۆژی یەکشەممە ، ڕێکەوتی 2007.2.25 **، کاتژمێر** 15:00 .

SOS Rasisme Brugata 14 , 0186 Oslo

تێبینی / تکایە لە ڕێی ئەم ژمارە تەلەفۆنانە لە بەشداریکردنتان ئاگادارمان بکەنەوە :

95900916 / 90218807 / 93691549 **یان ئیمایلی** mizopotamya@yahoo.no

کەمپینی بەرەو بەجیهانیکردنی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە

*** ڕێکخراوی ماڵی ڕوناکبیری سەلام بەشی نەرویج**

*** ڕێکخراوی داکۆکی لە قوربانیانی هەڵەبجە لە کوردستان**

*** ڕێکخراوی چاودێری پەراوێزکەوتووەکان لە کوردستان**

*** گروپی کوردی لە ڕێخراوی دژ بەرەگەزپەرستی لە نەرویج**

*** سەنتەری تووژینەوەی ئەنفال لە کوردستان**

*** ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال لە کوردستان**

SOS Rasisme er Norges eneste landsdekkende, demokratiske medlemsorganisasjon som bare jobber mot rasisme . Vi har over 47 000 medlemmer og 100 lokallag over hele landet

C:\Documents and Settings\Idris Sabir\Skrivebord\kh2.doc

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com